پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نوێژی نیوەڕۆدا: لە یەکەم دوو ڕکاتدا (أم الكتاب:ئوم ئەلکتیاب) ودوو سورەتی دەخوێند، ولە دوو ڕکاتی کۆتاییدا -تەنها- (أم الكتاب:ئوم ئەلکتیاب)ی دەخوێند؛ هەندێکجار ئایەتەکانی -بە دەنگی بەرز دەخوێندەوە بۆئەوەی- گوێمان لێبێت

لە ئەبی قەتادەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نوێژی نیوەڕۆدا: لە یەکەم دوو ڕکاتدا (أم الكتاب:ئوم ئەلکتیاب)* ودوو سورەتی دەخوێند، ولە دوو ڕکاتی کۆتاییدا -تەنها- (أم الكتاب:ئوم ئەلکتیاب)ی دەخوێند؛ هەندێکجار ئایەتەکانی -بە دەنگی بەرز دەخوێندەوە بۆئەوەی- گوێمان لێبێت، یەکەم ڕکاتی درێژتر بوو لە ڕکاتی دووەم، وبەم شێوەیە بوو لە نوێژی عەسر، وهەروەها لە نوێژی بەیانی». *(أم الكتاب:ئوم -ئەلکتیاب // واتە سورەتی -الفاتحة)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەو نوێژانەی قورئان بە نهێنی دەخوێندرێت وەکو نوێژی نیوەڕۆ وعەسر؛ سورەتی -الفاتحة- وسورەتێکی تری دەخوێند لە ڕکاتی یەکەم ودووەم، ولە ڕکاتی سێیەم وچوارەم تەنها سورەتی -الفاتحة-ی دەخوێند، وهەندێکجار ئاساییە دەنگ بەرز بکرێتەوە لە کاتی خوێندنی ئایەتەکان بۆ فێرکردن، وهەروەها سونەت ئەوەیە ماوەی خوێندن و وەستان لە ڕکاتی یەکەم زیاتر بێت لە ڕکاتی دووەم لە نوێژەکاندا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10916